# قسه هەزارە دوانی بەکارە ، کەرکوك شارێکی کوردستانی یە

سەمەدموحەمەدئەمین

کێشەی خەلکی کوردستان یان زولمی نەتەوایەتی(میللی) لەسەرخەلکی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەولەتی عێراق لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، وەبەتایبەت لە سەرەتای دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو بۆتەیەکێک لەکێشە قوڵ وگەورەکانی عێراق ئەم کێشەیەپێش ئەومێژووەش بوونی هەبوە بەلام لەوکاتەوەکە کوردستان ( پێشترلەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا پێان دەگوت ویلایەتی موسل) بەبێ ئیرادەی خەلکی کوردستان چەسپ کرا بە عێراقەوە بە پێی بەرژەوەندیە کانی دەولەتە سەرمایەداریەکانی ئەو سەردەمەی دنیاو بەتایبەت بەرەی سەرکەوتوی جەنگی جیهانی یەکەم وتایبەت تریش بەرژەوەندی بەریتانیا بوو بە کێشەیەکی ئالۆزی سیاسی وتا ئێستاش درێژەی هەیەو بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە ، مامەلەی دەولەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەئاگروئاسن تا گەیشت بەجینۆسایدو هەول دان بۆلە بەین بردن وسرینەوەی شوناس نامەی میللی خەلکی کوردستان ئەم کێشەیەی زیاتر قولترو گەورەتر کردەوە ، حکومەتی بەعسی ناسیونال فاشی کە بەشی هەرە زۆری سەروەتی بێ شووماری عێراقی لە پێناوداسەپاندن وجێگیر کردنی حوکمی دیکتاتۆری کەم وێنەی رەوتی شۆڤێنیستی ناسیونالستی عەرەبی لە ئیختیاری دام و دەزگا حیزبی وهەوالگری وسوپاییەکەی حوکومەتەکەی دانابوو کە بۆ سەرکوتی هەموو دەنگێکی ئازادی خوازی ویەکسانی خوازی ودیموکراتی بەو پەری درندەیی بەکار دێناگەیاندە لوتکەی زولم وزۆرداری وستەم خەلکی کوردستان وبزوتنەوە رزگاری خوازیەکەی زۆرترین لەو زولم وستەمەی بەسەردا ئیجرا کرا ، ئەنفال ، کیمیاباران ، ئیعدامی بەکۆمەل ، کاولکردن کردنی دێهات وشارۆچکەکان ،بە عەرەب کردن نمونەی بەرجەستەن بۆسەلماندنی ئەو قسەیە .

کێشەی خەلکی کوردستان تا ئێستا لەگەل ئەوەی چەند هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە ، بە شێوەیەکی گشتی وەک یەکێک لە کیشە سەرەکیەکانی عێراق ماوەتەوە، کەرکوک یەکیک لە ئالۆز ترین گرێی ئەم کێشەیە ،خەلکی کوردستان بە گشتی هاوران لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوک ،بە پێی سەرژمێریە کانی پێش سیاسەتی بە عەرەب کردن لە عێراقدا زۆرینەی خەلکی ئەم شارە کورد بوون هەروەها تورکمان وعەرەب و ئاسوریشی تێدا بوە کە بە بێ کێشە بەیەکەوە ژیاون ،کەرکوک دوای ئەوەی پەترۆلی تێدا دۆزرایەوە بوە جێگاسەرنجی زیاتری حوکومەتی بەغداو بە مەبەستی گۆرینی سروشتی کوردستانی بوونی کەوتنەپلان دانان و ئیجرا کردنی سیاسەتی بە عەرەب کردن، تا لە سەردەمی بەعس دا ئەم سیاسەتەوەک بەشێک لە سیاسەتی شۆڤێنی دژبە خەلکی کوردستان گەیشتەڕادەیەکی خەتەرناک ، هێنانی خەلکی عەرەب ونیشتەجێ کردنیان لەم شارەدابە ئیمتیازی زۆری ماددی و خانووبەرە ولێپرسراویەتی لە دەزگاجاسوسی وسەرکوت گەریەکان ودامەزراوەکانی نەوت وفەرمانگەکانی تری ئەم شارە ، لەلایەکی ترەوە دەرکردنی خەلکی عەیرە عەرەب بەتایبەتی کورد بە بیانوی داتاشراوو نا ئینسانی جۆراو جۆر و زەوت کردنی خانوبەرەو مولک والیان و بەخشینیان بە عەرەبە هێنراوەکان یان

فرۆشتنی ئەو مولک ومال وخانووبەرە بە ویست وئیرادەی بەعس وبە دوور لە هەر ڕادەیەک لە ئیرادەی خاوەنەکانیان ، دابرانی قەزاکانی چەمچەمال،دوزخورماتوو،کەلار، خاناقین لە کارکوک وخستنە سەر پارێزگاکانی سلێمانی وتکریت ودیالەبۆ کەم کردنەوەی کورد لەم شارەدا و
سڕینەوەی مۆرکی کوردستانی بوونی ئەم شارە ، حکومەتی بەعس وحکومەتەکانی پێشتریش ئەوەیان دەزانی کە خەلکی کوردستان بە گشتی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانن وخەبات بۆ وەدیهێنانی دەکەن وڕۆژێک دێت خەباتەکەیان بەسەرکەوتن دەگات وکوردستان جیادەکەنەوەو وولاتی سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنن و لە عێراق جیادەبنەوە ، بۆیە کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت دەبێ لە کوردستان داببڕن و خەڵکی کوردستان بێ بەش بکەن لە سەروەتەکەی.
ڕوخاندنی حکومەتی بەعس لە لایەن ئەمریکاوبەریتانیاوهاوپەیمانەکانیان بە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی ئەوکاتەی عێراق وهێزە سیاسیەکانی کوردستان سیاسەتی بەعەرەب کردنی لەو خالەدا ڕاگرت ،خەلکی کوردستان مەجالێکی مناسبیان بۆ ڕەخساکە زیاتر لە جاران تەعبیر لە ویست وئیرادەی خۆیان بکەن، خەلکی کوردستان ڕاشکاوانە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕایان گەیاند کە دەیانەوێ کوردستان سەربەخۆ بێت وکەرکوک و شوێنە بە عەرەب کراوەکانی تری کوردستانیش بەشیکن لە کوردستان ونەک هەر دەبێ بە عەرەب کردن نەمێنێ بەلکو دەبێ ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە نارەوایە هەلوەشێنرێتەوە لە بەین ببرێت ، ئەم داواکاریەی خەلکی کوردستان مشت ومڕوبێنەو بەردەی زۆری بە دوا خۆیدا هێنا ، لە لایەکەوە خەلکی کوردستان کەسالانیکی دوورو درێژە غەدری لێ دەکرێ ومالی لێ زەوت دەکرێ خوازیاری گەڕانەوەی هەقەکانیەتی بەبێ زیاد وکەم ، لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندیە کانی ئەمەریکا وبەریتانیا و تەماعی هێزە سیاسیەقەومی ودینی ومەزهەبیەکان بۆ هێشتنەوەی عێراقی یەک پارچەو تەنانەت بەشێک لە هێزە بەناو عیلمانی ودیموکرات وچەپە کان کە بەرژەوەندی دواڕۆژیان لە گەڕانەوەی مافەکانی خەلکی کوردستاندا نیە کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم ویستە بەرهەقانەی خەلکی کوردستان بەتایبەتی لە پەیوەند بە کەرکوک و شوێنە بە عەرەب کراوەکانی تری کوردستان و داواکاری گێڕانەوەی بۆ حالەتی ئاسایی خۆی پێش دەست پێکردنی  سیاسەتی بە عەرەب کردن لە لایەن دەولەتی بەعسەوە ، هەلوێستی ئەم حیزبە سیاسیانە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە وەک قبولکردن وبە ڕەسمی ناسینی ئەنجامەکانی سیاسەتی بە عەرەب کردن چاوی لێ دەکرێ و مامەلەی لەگەل دەکرێت ، خەلکی کوردستان نایانەوێ ئەو هەلە زێرینەی لەم دەورانەدا بۆیان هاتۆتە پێشەوەلە دەست بدەن ،  ئەگەر لە دەست بچێت لەوانەیە لە داهاتوویەکی زۆر دووردا دووبارە نەبێتەوە ، خەلکی کوردستان دەیانەوێ سەربەخۆیی بە دەست بێنن و لەم پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە ، دەیانەوێ کەرکوک و شوێنە بە عەرەب کراوەکانی تریش بە دەست بێنێتەوە وبخەنەوە سەر کوردستان ،خەلکی کوردستان هاوڕان لەسەر پێکەوە ژیان لەسەر بناغەی هەقی هاونیشتمانی یەکسان لەگەل تورکومان وعەرەب وکلدوئاشووری لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا بە کەرکوکیشەوە  ، وەلی ئەوانەی بەپێی سیاسەتی  بە عەرەب کردن هێنراون  و سروشتی کوردستانی بوونی ئەم شارەو زۆر شوێنی تریان پێ گۆڕدراوە با بچنەوە شارەکانی خۆیان وپێویستیشە یارمەتیان بدرێت لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە پێویستە ئاوارەکان بچنەوە بۆ کەرکوک وشوێنە بە عەرەب کراوەکانی ترو قەزاو ناحیە دابڕێنراوەکانی کەرکوکیش بخرێنەوە سەر کەرکوک ، ئەوکاتە با خەلکی ئەو شارە بە کوردوتورکومان

وکلدوئاشووریەوە  لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد دا لە سەرمەسیری کەرکوک دەنگ بدەن وقەرار بدەن کە شارێکی کوردستانیە ودەبێ بێتەوە سەرهەرێمی کوردستان یان کوردستانی نیەونایەتەوەسەر هەرێم ، ئەمە مسالم ترین ڕێگا چارەیەکە کە خەلکی کوردستان داوای دەکەن .

19.06.2005